تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

قازی موحه‌مه‌د

چاپی دوو هه‌م

هه‌ڵبژاردنی بڵاوکراوه‌کانی

ده‌زگای وێنه‌گرتن و بڵاوکردنه‌وه‌ی

ئه‌حمه‌دی نه‌عیم و برێتی

قازی محەممەد

(کوردستان لە ساڵەکانی ١٩٤٦-١٩٤١)

حسێنرمزا جەلاتیپور

وەرگێڕانی لە فارسیەوە: نەحمەد ئیبراهیم وەرتی

١٣٨٤ هەتاوی

٢٠٠٦ زایینی

[illegible]

قازی محەمەدی کوردستان لە سالەکانی ۱۹۴۶-۱۹۴۱/ نووسەر[ا] [illegible]
وەرگێڕانی لە فارسییەوە [illegible]- تاران: [illegible]
[illegible]

ISBN [illegible]

فهرست نویسی بر اساس اطلاعات فیپا

عنوان اصلی: قاضی محمد کردستان در سالهای ۱۳۱۵ تا ۱۳۲۵

کتابنامه ص[illegible]-[illegible]

[illegible]

تاریخ - - ۱۳۱۵-۱۳۲۵ ق. سالها - - تاریخ ۵. [illegible] الف. ولی، ابراهیم، ۱۳۰۰ - ، مترجم. ب. عنوان: قاضی محمد کردستان در سالهای ۱۳۱۵ تا ۱۳۲۵ ق. کردی

DSR ۱۵۵/۵۹۴۷ [illegible]

۹۵۵/۰۸۱۶۴۵

[illegible]

کتابخانه ملی ایران [illegible]

TAVAKOLI
PUBLICATONS

قازی محەمەد (کوردستان لە سالەکانی ١٩٤٦-١٩٤١)

نووسەر: حەمیدرەزا جەلالیپور

وەرگێڕ: نەحمەد ئیبراهیم وەرنی

چاپی: دووهەم- ١٣٨٤ هەتاوی (٢٠٠٦ز)

لێتۆگرافی: نوفرە نابی

تیراژ: ٢٠٠٠

پێتچنین: شاپێر

ناشر: تەوەکولی

تلفاکس: ٠٢١-٦٦٤١١٢٧٦- تاران

شابەک: ٢-٢٨-٥٨٢١-٩٦٤ ISNB ٩٦٤-٥٨٢١-٢٨-٢

ناوەرۆک

بابەت ..... لاپەرە

پێشەکی وەرگێڕ ٧

پێشەکی نووسەر ١١

بەشی یەکەم

مەسەلە گشتییەکان

١- خستنەرووی بابەتەکە ١٥

٢- تامانجە گشتی و بابەتەکان ١٩

٣- مەبەست لەم خوێندنەوەیە ٢٠

٤- شیوازی لێکۆڵینەوەکە ٢١

٥- دۆخی کاتی و شوێنی ڕووداوەکان ٢١

٦-پۆلێن کردنی بابەتەکانی ناو لێکۆڵینەوەیە ٢٢

پاپەت .. .. لاپەرە

بەشی دووەم

قازی محەممەد و باروداوخی سیاسی-کۆمەڵایەتی مەهاباد

١- پاپەئەندیەکانی رووداوە سیاسیەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم ٢٥

٢- مەوقیعیەتی مەهاباد ٢٦

٣- قازی محەممەد لە ساڵەکانی ١٣٢٠(١٩٤١ز)

(پاخود قازی محەممەد چۆن بوو بە پێشەوا؟!) ٢٨

٤- کۆمەڵەی ژین،کاف و هەوڵەکانی سیاسی- رزگاریی لەنەک

حوڵانەوەی قازی محەممەدا ٣٢

پێوەندی کۆمەڵەی ژین،کاف بە قازی محەممەدەوە ٣٦

بەشی سێیەم

قازی محەممەد و پێکهێنانی حیزبی دیموکرات وکۆماری خودموختاری مەهاباد

١- سەفەری یەکەم بۆ سۆڤیەت ٤١

٢- سەفەری دووەم بۆ سۆڤیەت ٤٢

٣- پێکهێنانی حیزبی دیموکرات ٤٣

بابەت ..... لاپەرە

٤- پێکهێنانی کۆماری خودموختاری کوردستان ٤٥
٥-خەرجووڵی سوپای سۆڤیەت و ڕووخانی کۆماری خودموختاری کوردستان ٤٦

بەشی چوارەم

ئەنجام گیری

١- ئاماژەی سۆڤیەت لە سەفەرەکان وپشتیوانی کردن لە هەوڵەکانی قازی محەمەد ٥٣

٢- ئەفسیر و لێکدانەوەی نادیار و یەک لایەنە لە بارەی قازی محەمەد و چۆنیەتی پێکهاتنی حیزبی دیموکرات و کۆماری خودموختاری مەهاباد ٥٥
پەراوێزەکان ٥٧
سەرچاوەکان و مەڵگەنامەکان ٨٧
شوێنەکان ٩١
ناوەکان ٩٧

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی وەرگێڕ

کێشەی گەلی کورد وەک کێشەیەکی نەتەوەیی بۆ ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانی دەگەڕێتەوە، نەوەبو لەگەڵ نەوابوونی شەڕی یەکەم و هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی بیرۆکەی دروست کردنی دەوڵەتی کوردی و قەوارەی سەربەخۆ سەری هەڵدا. چونکە گەلانیتری دەوڵەتی عوسمانی و بەتایبەتی میللەتانی دەورو پەرو هاوسووری کورد مافی خۆیان چیاکردەوەو کوردیش بە مافی رەوای سروشتی خۆی وانی کەداوای مافجیایی بکات پەیمانی سیڤەریش لە ساڵی (١٩٢٠ز)لەمادەی(٦٢)ی خۆیدا توانی مافجیایی کورد بسەلمێنن و بەرهەمی پێدابێن، بەمەش دەرفەتێکی لەبار بۆ کورد هاتە پێشەوە کەنەویش وەکو گەلانیتری ناوچەکە خاوەن حکومەتو کیانی خۆی بێت.

بەڵام پەیمانی(لۆزان) لە ساڵی (١٩٢٣ز)دا جەوروو هولیای کوردی بەدروستکردنی کیانی خۆی خستەو نەسەر جیابی کورد دانیا بە حکومەتی تاڕەی کەمالیەکان لە تورکیادا.

بەڵام کورد بۆ وەدەست هیانی مافی رەوای خۆی و بۆنەوەی ئەویش وەک هەر گەلێکیتری بۆ خۆی بەنارادی و دوور لە جەوروو ستەم و چەوسانەوە

لەناوچەکەدا ژیان بەرێتەسەرو مافو کەسایەتی پێشێل نەکرێت، لەهەوڵ و خەبات و تێکۆشانیدا هەر بەردەوام بووە و دەوەستاوە.

کورد لە شۆڕش و راپەڕینەکانی خۆیدا دژی زوڵمو ڕۆژی و پێشێلکاری مافەکانی جەنگاوەو بۆ داکۆکیکردن لەسەر بوون و ماندوەی خۆی، سەگز ڕێزمەلهۆڕەکانیدا چۆنەوە، نەک شۆڕشەکانی لەسەر حسابو دز بە دەرزەوەندیەکانی گەلانی تر بووبێت.

بەڵام بەداخەوە تا ئێستاش لەگەڵدا بێت ماهەڵبەکی مەعقوڵو مەنتیقیبانە لەگەڵ کێشەی کورددا نەکراوەو هەمیشە شۆڕشو راپەڕینەکانی کورد بەرەبەری ناگرونانسن وەڵام دراوەنەتەوە؛ هەر بۆیە ئێستا لەگەڵ پیانە هەزارەی سێیەمی مرۆڤایەتیو بەردەمی بە ئێستاش مافی مرۆڤو گەلان، کەچی هێشتا ئەو کێشەیە هەر باقیبەو بەچارەسەر نەکراوی ماوەتەوە. شۆڕشو راپەڕینەکانیش گەلن ڕۆژن، لەوانە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانو شێخ مەحمودو فازی محەممەدو بارزانیو .. هتد کە هەمیشەیان تا ئاستی حوکمڕانیوحوکمەت ڕێشتوون وەک حوکمەتی مەلیک مەحمود لە سلێمانی لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا، وە حکومەتی فازی محەممەد، وانە کۆماری کوردستان لە مەهابادـکە بڵێتی ئەم کتێبەی بەردەستە.

کۆماری کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات(ئێران)دا، لە سانەوەحێبڵی پر لەجەنجاڵی دوای کۆتایی هاتنی شەڕی دووەمی جیهانی هاتە ئاراوە، ئەو ئەمرەی کە چەندین کارەساتیو مەرگەساتی گەورەو بەڵام بەهامەتی بۆ گەلان بەدواوە بوو، لەهەمان کاتیا لێرەو لەوێ چەند هەڵو مەرجێکی گونجاویشی بۆ گەلانی ژێر دەست ڕەخساند کەبەکێک لەوان گەلی کورد بوو کە نوانی ئەو کۆمارە

رانگه‌به‌نی‌و نزیه‌کەم جار نالای کوردستانی بەسەردا مەرز بکانەوە، کەدووەمین نەزموونی حوکمرانی کوردی بوو لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمی رابردوودا دوای نەزموونی شیخ مەحمودی حەفید؛ راستە هاوکات لەگەڵ وپستی کوردا هزکاری دەرەکیش کاریگەر بوو لەمەبدانەکەدا، بەڵام لەگەڵ نەمەشا و وێرای نەمەنی کورتی کۆمار، دەوری چەوساوەیی‌و حەبانی دوورو درێژی گەلی کوردە لەرێی گەیشتن بەمافی رەوا بەنەوەیی خۆی و مایەخێکی مێژوویی زۆری هەیە بۆ کورد و پێویستە وەک نەرمووپێکی مێژوویی سوودی لێن وەربگیرێت‌و هەرلەوێش بەکرێت لەلایەن رۆژەکانی ئەم گەلەوە شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی وردو بابەنبانە لەسەر حزرو چۆنیەنی دامەزرانئنی کۆمارەکەو نەمەنی‌و دەسکەوتەکانی‌و هزکارەکانی رووحانی‌و هەروەها مایەحی مێژوویی‌و پەندو وانەکانی‌و کەسایەنی فاری محەممەد... بکرێنە.

بێگومان کۆماری مەهاباد خارەنی کۆمەڵێک تایبەنمەندی مێژوویی و دیاردەی سەردەمی خۆی بوو لەرووی فیکری‌و هۆشیاری وەکڵەهەڵو مەرح‌و رەمبەی دامەزرانئنی‌و بەشداری‌کردنی زۆربەی جیل‌و نوێژەکانی کوردستان لەوانەش رانایانی نایینی‌و هاویەنی و بەشداری‌کردنی کوردی پارچەکانی‌تر وەک کوردی کوردستانی عیراق‌و بارانبەکان، وەپشت بەستن بە بێگانەو چەشنەهای‌تر.

پێویستە لە هەمبور نەو لایەنانەو رووداوەکانی سەگشنی بکۆڵرێتەوە و نوێژبەوە و شیکردنەوەی وردو قوونی لەسەر بکرێت و بکرێنە پەند و وانەی هۆشیاری بۆ رۆژەکانی داهاتوو، چونکە نەمە مەسەلەیەکە پێوەندی بەملیۆنان مرۆڤەوە هەیە نەک بەشارێک و ناوچەیەکی دیاریکراو

هەڵبەنە رۆژ لێکۆڵینەوەو نوێژبەوەی جۆراوجۆر لەسەر نەو کۆمارەو لەکۆنو نوێدا نەنجام دراون و لەرۆژ گۆشەبگای جیاوازەوە لەلایەن بێگانە و

غەیرە کوردەوە شت نووسراوە، پێویستە ئەو نووسین و نوێژبنەوانەش سوودیان لێ وەرگیرێت و بۆسەر زمانی زگماکی وەربگێردرێن، بەمەش مێژووری کورد زیاتر دەوڵەمەند و پر بایەختر دەبێتو ئەنها لە بازنەیەکی بەرتەسکیان داخراودا نامێنێتەوە.

بەکێک لەو نووسیانەی لە مەر ئەم کۆمارە و فازی محەمەمەدەوە نووسراوە، ئەم کتێبەی بەردەستە کە(حەمیدرەزا جەلائیپور)لەزمانی فارسی و بەناوی(قاضی محمد،کردستان در سالهای ١٣٢٠تا١٣٢٤) نووسیویەتی.

ئێمەش لەڕێی وەرگێرانی ئەم بەرهەمەوە هێوا خوازین خزمەتێکمان بەو بوارە کردبێت و کەلێنێکیش لە کتێبخانەی کوردیدا پڕ بکاتەوە، گەرچی مەرجیش نی‌یە لەگەڵ هەموو ڕاو بۆچوونەکانی نووسەردا بین، بەڵام وەک ئەمانەتێکی زانستی بێدەستکاری وەرمان گێڕاوە و گەر بەپێویستمان زانیبێت لەمەندێک شوێنا نێبنی و بەرنجی خۆمان دەرسڕیومو لەپەراوێزدا ئامازەمان پێکردووە. هەروەها سالی ڕاپەڕینمان لەبەرامبەر سالی کۆچی هەتاوی‌دا دانارەبەهیوای سودی پێویست.

ئەحمەد وەرنی

هەولێر

٢٠٠١/٤/١٢ز

پێشەکی نووسەر

ئەم لێکۆڵینەوەیە وەڵامێکی ئەو پرسیارانەیە کە بەردەوام لە لایەن خوێندکارانی کۆلێژی ئەدەبیاتەوە دەکرێت، ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی سەیری ئەو پرسیارانە بکەین کە لە ماوەی ساڵانی خوێندنمدا لە کۆلێژی ئەدەبیات لە لایەن خوێندکارانەوە دەکرێت، دەبینین کە زۆربەیان پرسیار لە سەرچاوەکانی ئەم بابەتە دەکەن، بۆیە هەستم بە پێویستی نووسینەوەی ئەم بابەتە کرد، بۆ ئەوەی ئەگەر هیچ خزمەتێکی بچووکیش بە خوێندکارانی ئەدەبیات بکەم، هەرچەندە دەزانم کە ئەم بابەتە بە تەواوی وەڵامی هەموو پرسیارەکانیان نادەنەوە، بەڵام هیوادارم کە بتوانێت ڕێگایەکی باش بۆ خوێندکارانی ئەدەبیات بکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاسانی سەرچاوەکانی پێویست بدۆزنەوە.

لە کۆتایی ئەم پێشەکییەدا پێویستە سوپاسی هەموو ئەو کەسانە بکەم کە یارمەتیدەر بوون لە نووسینی ئەم بابەتەدا، بەتایبەتی مامۆستای بەڕێز جەنابی دکتۆر ئەسعەد سەرێکی کە بە ڕێنمایی و ئامۆژگاری زانستیانەی خۆی یارمەتیدەر بوو لە نووسینی ئەم بابەتەدا، هیوادارم کە توانیبێتم ئەو ئەرکەی کە لەسەرم بووە بە تەواوی جێبەجێ بکەم.

عەبدولوەهاب جەلالی پور

١٣٦٧/٨/٢٠ هەتاوی

بەشی یەکەم

مەسەلە گشتییەکان

١- خستنەروویی بابەتەکە

هەول دەدەم بابەتی سەرەکی نەم لیکۆلینەوەیە لەم دوو حاڵەی خوارەوەدا
ڕوون بکەمەوە:

یەکەم/ لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی(١٩٤٦ز) لە شاری مەهاباد، کۆماری
ئۆتۆنۆمی کوردستان بە ڕێبەرایەتی قازی محەممەد پێکهات و بەشی باکووری
ناوچە کوردنشینەکانی لە خۆگرت و دوای بارە ماتگ لەگەڵ هاتنی سوپای
دەوڵەتی ئێران بۆ باکووری خۆرئاوای ئێران، سەرانی ئەو کۆمارە دەستگیر کران و
ڕێبەرەکەی پاش سێ مانگ لە گیرانی، حوکمی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو و لە
هەمان حیگادا کە کۆمارەکەی لێ ڕاگەیاندبوو لە سێدارە درا.

لە لیکۆلینەوە و توێژینەوەی مێژووی سەد ساڵە ی ئێراندا، مێژوو نووسان،
شوێنێکی تایبەتیان بۆ ئەم ڕووداوە دانەناوە، بەڵکو بە ڕاوی لە تەک ڕووداوەکانی
ئازەربایجان و حیزبی دیموکراتدا هیناویانەتە سەر باس و خواس و بە کورتی
پاداشی کردۆتەوە و لێی دواون. بەڵام ئەم ڕووداوە(واتە کۆماری کوردستان)، لە
مێژووی ئەم پەنجا ساڵەی دوایی کوردستاندا لە چەندین ڕووەوە زۆر حێبی

گرنگی پیدانه و مایەخی حوی هەیە لە زۆر لاوەش نەخش و رۆڵی بنەڕەتی بینیوە، چونکە:

ئیمە هەمووەان لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران، لەگەڵ شانۆی سیاسی کوردستان(لانی کەم لە سواری هەوڵ و دەنگ و ساس‌دا) ئامادەبەشبان هەیە و ئاگادارین.

یەکێک لە بابەتکارانی ئەسڵی ئەم شانۆ سیاسیە حیزبی دیموکراتە، ئەم حیزبە بەکێ لە بە ڵگە و پاساوەکانی ڕەوایی خەبات و شۆڕشەکەی حوی دژە دەوڵەت بەم شێوەیە پوختە دەکاتەوە:

«حیزبی دیموکرات درێژە پێدەوی ڕێگایەکە کە قازی محەمەد لە پیاویانەی ناوەنەوە. ڕێگایەک کە ئاوادی مللی، فەرهەنگی و سیاسی گەلی کوردی لە خۆ گرتووە و ئایدیا بەرجەستە نەبێت، ڕێگایەک کە گەلی کورد لە پێناوگەیشتن پێی هەرچی خەبات و خوێنی هەیە بە خەوحی داوە[1]».

بە دەربڕینێکی‌تر، ووردەوی کۆماری ئۆتۆنۆمی کوردستان و بەسەرهاتی قازی محەمەد، هەم بەباشگەو و دەربڕی وێی حیزبی دیموکراتە و هەم نموونەو سەرمەشقی نەو وێیە و شیرین‌ترین و خۆشترین وشە و فەی حیزبی دیموکراتی بۆ حەڵکی کورد مەنابەت لاوان ، باسکردنی هەمان نەو ڕووداوەیە.

مەسەلەکە لێرەدا نەوەیە کە سۆچی حیزبی دیموکرات ڕووداوێکی بە نیسبەت واگرنگ، باخانە بەو نوێژیەوە و لێکۆڵینەوە و بە دوورو درێژی باسی ناکات و لە ووری مێژوویی‌بەوە ووردی ناکاتەوە، و نەنها وەک نەسەلەیەکی مێژوویی باسی لێوە دەکات[2]!

گرنگی نەدان و ئامازنەکردنی رێبەرانی حیزبی تودەبراو بەو مەسەلەیە - وانە بەشەرح و رافەی کەسایەتی و نەو رێگایەی کە قازی محەمەد هەڵیبژارد- پرسیارێکە بێرو هۆشی تووسەری بە حزبەوە سەرقاڵ کردووە.

حیزبێک کە لەوچەند ساڵەی دواییدا بە هۆی چالاکی گەلێکی بەرفراوانەوە، هەوڵیداوە کە نۆگەر لایەنگر لەپێو خەڵکی کوردستان و سۆلای خۆی رابکێشن و وەکو بیانگووتر و دامەزرێنەر لە قازی محەمەد دوابەو نەدوێ، بۆچی ووری رابستەقینەی نەو کەسایەتیە کوردیەی لە یەناپەردەی نادیارێدا هێشتۆتەوە؟

بۆچی ڕیبەرو سیاسەتەکانی نەو کەسایەتیە شەرح و رافە ناکات؟کەگەر قازی محەمەد سەردەشق و تولگویە، بەڵگەو بنەماکانی چین؟ تابا سەتەها باسکردنی نەوەکە قازی محەمەد لە رێی خودموختاری کوردستا کۆزراوەو سەری ناوەتەوە بەسە؟

بێدەنگی حیزب و لێکۆڵینەوە و رافە سەکردنی نەو رووداوە هەمیشە سەرەکی و سەرەتی بۆ ناکامی تەم تویژینەوەیە بووە و لەگەڵ هێنانە گۆڕی تەم پرسیارەو بابە تی سەرەکی کە :تایا قازی محەمەد کێ بوو ،رێگا و رێبازەکەی چی بوو ،چ رێبازو رێ و شوێنێکی داهێنانەو بەرهامانەی کە لە دەورانی حکومەتەکەیدا پیرەوی لێ دەکردن چی‌بوون، و میکانیزمی کەبنش پیان چی‌بوو و چۆن تەو رێبەی پیوا یان دەست نیشان کرد؟» تەنجامی تەم لێکۆڵینەوەیەی لەخۆگرتووە،ویە ئامانجی گشتی تەم لێکۆڵینەوەیە بریتیە لە:

داساندن و لێکۆڵینەوەی کەسایەتی قازی محەمەد و جۆرێتی پێکهێنانی حیزبی دیموکرات و کۆماری خودموختاری مەهاباد بەپشت بەستن بە بازی سیاسی-کۆمەڵایەتی سەردەمی خۆی.

دووەم/ ڕەنگە ئەو پرسیارە بە مێشکی خوێنەردا گوزەر بکات کە ئاخۆ هەر ئەمەڕەندا چ پێویست بەوە دەکات کە ڕووداوی سەرەوە وەک بەشێک لە مێژووی سیاسی گەلی کورد و بەشێوەیەکی جوداو سەربەخۆ بخرێتە بەر ئاس و لێکۆڵینەوە و قسە لە هەموو ڕەهەندەکانی بکرێت؟

وەڵامی ئەم پرسیارە لەم چەند دێڕەی خوارەوەدا وەرنەگیرێ کە لە شێوەی دوو پێشەکی و بەک ئەنجام گیرێدا خراونەتە ڕوو ئەم چەند دێڕە بەڵگەکاری بەو ماوەڕۆک و ڕۆحی وتە و قسە و لێدوانەکانی حیزبی دیموکرات پێک دێنێت.

لە پێشەکی یەکەمدا، زمارەیەک(بەنایبەت لەم سەد ساڵەی دواییدا)هەوڵیان داوە وا لە خەڵکی کورد و میللەتی کورد بگەیەنن کە مێژوو، نەژاد، زمان و ناینی میللەتی کورد، حاوەنی ناسنامەی نایەتی سەربەخۆی حزیەتی و هیچ پەیوەندیەکی بە مێژوو و زمان و... ئەوانی چین و تویژەکانی تری میللەتی نیراوە نیە و گەلی کورد گەلێکی سەربەخۆ و جودان.

وەلە پێشەکی دووەمدا، هەمان زمارە و خەڵک هەوڵیان داوە و ئەدەن وا لە خەڵکی کورد بگەیەنن کە کوردەکان بۆ بوزاندنەوە و ڕیشەوو کردنەوە و سەربەخۆ بوونی مێژوویی، زمان و ئەزادی حزیان چەندە حەبات و تێکۆشانیان کردووە و چەندە خوێنیان بەخشیوە و قوربانیان پێشکەش کردووە.

دوای هەباتە گوزر و خستەڕووی ئەم دوو پێشەکیە ، ئەم شێوەیە ئەنجامگیری دەکەن و ناکامەکەی ڕادەگەیەنن کە کوردێکی ڕاستگۆ و دڵسوزو ڕاستەقینە کەسێکە ئەم ڕێگا مێژوویی بگرێتەبەر و خەباتی خوێناوی گەلی کورد تا گەیشتن بەدوا قۆناغی مەبەست و ئامانجی سەرەکی دریژە پێبدات و ئەم بەئامانج گەیشتنەش لەوشەی (خودموختاری)دا پوختەئەکەنەوە...

لایەنگرانی ئەم بەڵگە کاری و بانگەشەیەی سەرەوە، هەروا لەخۆڕا نەبوو بەرهەڵستی لایەنەوە - زیاد لە هەموو - سوود لە کەسایەتی فازی محەممەد وەردەگرن و لەوروژاندنەوە کانی خۆیاندا چ بەشێوەی بڕوسکە و چ بەدەمی فازی محەممەد وەک نموونە و سەرمەشقی ئەو رێگایە دەدەنە قەڵەم، واتە بە بۆچوونی ئەوان دڵسۆزترین کەس بۆ دەرهەنگ و خەڵکی کوردە فازی محەممەدە، کە بۆئەوان لەو رێگایەدا گیانی خۆی کردە قوربانی[۲]. بۆیە سەرنج و تێبینی و لێکۆڵینەوەی ئەم بۆچوون و بەڵگەکارییە دەخوازێت کە سێ شێوەیەکی سەرەکی لەو رووداوە مێژووییەیە بکۆڵێتەوە و تۆزێکەوەی لەسەر بکەیتن. هەڵبەتە ئامانج لەم بڕوسکەدا سەرنج و لێکۆڵینەوەیە لەسەر پێنجەکی دووەمی بۆچوون و بەڵگەکاری ناوبراو. وەلەم هەڵسەنگاندنەدا هەوڵ دراوە کە زیاتر گرنگی بەمەسەلەی فازی محەممەد و حیزب و حکومەتەکەی بدرێت[۱].

۲-ئامانجە گشتی و ناپەنهانەکان

لە کانی حەقیقەتڕووی بابەتەکەدا وەنەبێ کە ئامانجی سەرەکی لەم لێکۆڵینەوەیەدا بریتی بێ لە :

دانانی و لێکۆڵینەوە لە کەسایەتی فازی محەممەد و جۆرەها پێکهێنانی حیزبی دیموکرات و کۆماری خودموختاری مەهاباد بە پشتبەستن بە بازی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی سەردەمی خۆی.

بەڵام دەتوانین ئامانجە دیار و ناپەنهانەکانی ئەم- خوێندنەوەیە بە کورتی بەم شێوەیەی خوارەوە خاڵبەند بکەین:

۱- لێکۆڵینەوەی بابەتەندیەکانی رووداوە سیاسیەکانی کوردستان کە لەوجەند دەمەبەی دوایی‌دا رووباندارە.

۲- لێکۆڵینەوە لە بارەی قازی محەمەمەد و بارودۆخی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی مەهاباد.

۳- لێکۆڵینەوە لەوە کە ئاخۆ جۆن قازی محەمەمەد بوو بە پێشەوا.

٤- لێکۆڵینەوە لە بارەی کۆمەڵەی (ژ.ک) بوو.

٥- لێکۆڵینەوە لە بەرپرسیارێتی قازی محەمەمەد لەگەڵ کۆمەڵەی ژ.ک.دا.

٦- لێکۆڵینەوە لەسەر پێوەندی قازی محەمەمەد لەگەڵ دەوڵەتی سۆڤیەتی(بەکێتی سۆڤیەتی پێشوو).

۷- لێکۆڵینەوە لەسەر جۆرێتی پێکهێنانی حیزبی دیموکرات و کۆماری خودموختاری کوردستان و جۆرێتی ڕووخانی کۆمارەکە.

۳-سەبەست لەم خوێندنەوەیە

لە لێکۆڵینەوە و نووسینەکان، بەڵاوکراوەکان، وتار و لێدوانەکانی کەسانی تاسیۆنالیست و ماددیگەرای کورد، وادەردەکەوێت کە سەرانی ڕووداوە سیاسیەکانی کورد بەتایبەت حیزبی دیموکرات، هەوڵیان داوە بەجاوپۆشین لەراستیە میژوویی‌یەکانی گەلی کورد و نەتانەت هەندێ جار بەهۆی سەلاری دابردن و نێکدانی چەند بەشێکی نەوەبزووە، خەڵکی کورد بخەنەنێو پەردەی تاریکی و پەنهانی وەهاوەڵ لەبیری ڕاڵە و لێکدانەوەی حەقیقەتی نەوڕوودراوانە، بە ڕووبڕاندنی دروشم گەلێکی بەروالەت عاتیفی و شۆڕشگێڕی، لاوانی دڵپاک بۆلای حیزبان ڕابکێشن و پاشان لەپێناو بەرژەوەندیەکانی حیزبانەدا بەکاربان بێنن.

بۆیە بەپێویستم زانی کە لە ڕێی ڕووڕاندنی چەند بەشێکی ئەم ڕاستیانەوە، بەتایبەت هەندێ لەو ڕووداوو حەقیقەتانەی کە تا ئێستا کەمتر لێدوانیان لەسەر

کراوه. حزمەنێک بکەم و بەرژنی کۆمەکێک بە بیر و رەین و هۆنی بەنایەت مبلەنی کورد-پێشکەش بکەم و بیانحەمە بەر سەرچاو رووسی بەوەنەم رووبکردنەوەیەی ئامازەم پێدا مەبەستی سەرەکی ئیمە لەم لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەیەدا پێک دێنێت.

٤- شیوازی لێکۆڵینەوەکە

لەو سۆنگەیەوە کە ئەو بابەتەی ئێمە لێی ئەدوێین و لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەین، لایەنی میژوویی-کۆمەڵایەتی هەیە و رەهەند گەلێکی دیارە میژوویی بەکانە، هەروەها لەبەر ئەوەی کەنەم رووداوە رووداوێکی میژوویی و دوبارە نەبووە وەیە، دەبێ رانیاریی بە پەیوەندیدارەکان و بەڵگەنامە پەیوەستەکان پێبەوە. لێبەڵگەنامە میژوویی بە لایەڵاکان و یادەوەری و بیرەوەری ئەوکەسانە دەستڕەبن کە حزبان بەشدار بووە تیایدا، با خود لە ماجەرای رووداوەکان ئاگادارن و(شاهیدعەیان)مڵیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا سوود لە شیوازی بەهەرەمەند بوون لەبەڵگەنامە و یادداشت و چاوپێکەوتنەکان وەرگیراوە.

٥-دۆخی کاتی و شوێنی رووداوەکان

هەر وەک گوتمان، جڵەبەی دروست بوونی کێشەبەی سیاسی قازی محەمەد و جڵەبەی پێکهاتنی حیزبی دیموکرات و بەرەنجام جڵەبەی دروست بوون و پێکهاتنی حکومەتی کۆماری مەهاباد، لەو مەبەستەدا کە بەشێوە بازیەی بیانحانە بەر بەشەری لێکۆڵینەوە و ڕاقەکردن، بەڵام پێویستە لێرەدا ئەو خاڵە وەبیربێنەوە کە هەموو ئەو رووداوانەی سەرەوە لەماوەی زەمەنی ١٣٢٠ی هەتاوی(١٩٤١ ز)- واتە لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگی جیهانی دووەم[٥]- تا سالی ١٣٢٦هەتاوی(١٩٤٧ز)لەمەهاباد رووبانداوە، بەدوور بێنبکی ئەم لێکۆڵینەوەیە

گرنگترین و سەرەکیترین رووداوە سیاسیەکانی نەو شەش ساڵەی تاوجەی مەهاباد لەخۆ دەگرێت.

٦-پۆلێن کردنی بابەتەکانی نەم لیکۆڵینەوەیە

بۆیە نەم لیکۆڵینەوەیە و نەم خوێندنەوەیەی مەردەست بەم شێوەیەی خوارەوە دەخەینەروو:

سەرەتا لەبەشی دووەمدا قازی محەممەد بەپێی بارو دۆخی سیاسی-کۆمەڵایەتی شەردەمی خۆی، نەخەینە بەر تۆژینەوە. تیجا لەبەشی سێیەمدا دەچینە سەر چۆنیەتی دروست بوونی حیزبی دیموکرات و کۆماری کوردستان. لەبەشی کۆتایشدا نەنجامی لیکۆڵینەوەکە دەخەینەروو.

بەشی دووەم

قازی محەممەد و بارودۆخی سیاسی-کۆمەڵایەتی مەهاباد

١- ناپەتەمەندییەکانی رووداوە سیاسییەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم

هەروەک دەرئەنجام پشت بەستن بە ماتریالیزم و دانی ڕێکخستنی سیاسی سەلای خەباتگێڕدا، دوونایەتەمەندی خەباتی نێوانی گەلانی خۆرهەڵات و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر کەوتووە ژێر تەئسیر و کاریگەری تەم دوو نایەتەمەندییەوە، ناوچە کوردستانەکەیش وەکو بەشێکی گرنگ و هەستیار لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەو دوو نایەتەمەندییە خاڵی بەبەر

تەگەر لە مێژووی سیاسی ڕابردووی ناوچە کوردستانەکەدا شارەزای تاڵوگۆڕی سیاسی لە گۆڕەپانی کوردستاندا، عەشیرەتە کوردەکان جۆرێن بووس و بەدەست تەوانەوە بووین، تەوا لەم سەدەیەدا-سەنایەت لە پەنجا ساڵی دواییدا- ئیمە زیاتر-شایەنی رووداو و تاڵوگۆڕە سیاسی، و میللی و جیزبیەکانی کوردان لەگەڵ دەوڵەتانەدا بووین، بەدەربڕینێکی تر، ئێستر ئیمەشایەنی جووروو و ئامادەیی کاریگەرانەی سەرۆک عەشیرەتەکان لە شانۆ جیاجیاکانی سیاسی ناوچە کە بین، بەڵکو تەمجارەیان شاهیدی ئامادەگی و هاتە مەیدانی گرۆ و ڕێکخراو گەلێکین کە بە ڕێکخستنە سیاسی و میرامبەکانی خۆیان و بۆزیندوو کردنەوەی مەسەلە

میللی و مەزادی و فەرهەنگیەکانی کوردان، هاتوونەتە بوگۆرەپان و شانۆی سیاسەت و خولقێنەری رۆژ رووداو ئالۆگۆڕیش بووە.

بەشێوەیەکی گشتی لە سەرەتای رووداو پێشهاتە حیزبی و ناسیۆنالیستیەکان لەدەیەکانی دواییدا، ناوچەکوردنشینەکانی ئێمە شایەنی دور رووداوی گەورەی سیاسی بووە لە ئێوان سەرجەم رووداوە سیاسیەکانی نێردا، کەنەم دور رووداوە رۆڵی یەکەمیان (دابەش) یان پێبووە لە هەموو رووداوە کوردیەکانیتر. ئەم دور رووداوە گەورەیەش بریتین لە:

یەکەم/ رووداوی فازی محەمەد و حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٣٢٠ هەتاوی تا ١٣٢٦(١٩٤١-١٩٤٧ز) کەسەرەنجام سەری کێشا بۆ پێکهێنانی و دروستکردنی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٣٢٤(١٩٤٦ز) و لە ساڵی ١٣٢٦(١٩٤٧ز) دا بە لەسێدارەدانی فازی محەمەد کۆتایی پێ هات.

دووەم/ سەرهەڵدانی حیزبی دیموکرات و حیزبی کۆمەڵە لەساڵی ١٣٥٧هەتاوی(١٩٧٩ز) کەبەکێک لە نوخبە سەرەکیەکانی شانۆی سیاسی ـ ئەمنی ناوچە کورد شێوەکان لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران پێک دێنێت. ئێمە لەم ـ نووسینەدا ئەمها رووداوو حەرەکانی یەکەم دەخەینە بەر تۆژینەوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەین.

بەڵام لەبەر ئەوەی کە شارۆ حوکرانیەکەی ئەم رووداوە سیاسیانە لە دەڤەری مەهابادا بووە، بۆیە پێویستە بەوڵەدۆژەدان بە باسەکەمان، کەمێک لەبارەی شوێن و مەوقیعیەتی مەهاباد بدوێین بۆ شارەزایی و ئاشنا بوونمان پەو شارە.

٢- مەوقیعیەتی مەهاباد

مەهاباد یەک لە شارستان(فەراکسان)ی پارێزگای ناوەڕابجانی خۆرئاوایە لەباکووری ڕۆژئاوای ئێران‌دا ئەم شارە بە بەراورد لەگەڵ هەمیوو ناوچە و شارە کوردنشینەکانی‌تری ئێران‌دا-وائیە نیوەی پارێزگای ناوەڕابجانی خۆرئاوا پارێزگای کوردستان(سنە)و بەشێک لە پارێزگای باختەران(کرماشان)[۱] -. بە بەکێک لە شارە کۆن و دێرینەکانی ناوچە کورد نشینەکان لەقەڵەم دەدرێت کە نزیکەی ٤٠٠ ساڵ مەیەر دروستبوونی‌دا ڕەت بووە

گەر بێتو شاری مەهاباد لەگەڵ شارەکانی‌تری کوردستان‌دا بەراورد بکەین، دەبینین کە مەهاباد بەبەکێک لە سێ شاری ناوچە کورد نشینەکان لەئێران و بەبەکێک لە پێنج شاری کوردنشینی خۆرهەڵاتی نیشتمانیان(بان سەرمەینی پیشووی ئێران) دێتە ژمار. چونکە وەک دەڵێن شارەکانی(سە و سەفر و مەهاباد) لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران و شاری(سلێمانی) لە کوردستانی ئێراق و شاری(دیاربەکر) لە کوردستانی تورکیادا، نزیکەی چوارسەد ساڵێک لەمەوبەر پێک هاتوون. لە کاتێکدا سەرجەمی شارەکانی تری کوردستان کەوتی دێرینیان لەرووی بەشار بوونەوە بۆ سەدەی دوایی دەگەڕێنەوە[۲].

سروشتی‌یە کە سەرەتای دروستبوونی نەو شارانەی سەردەم بەتایبەتی مەهاباد لەگەڵ جێگیربوونی بەشێک لەمرۆڤ عەشیرەتەکانی ناوچەکە دەستی پێکردووە و وردە وردە شێوەی شاری بەخۆوە گرتووە و سەقامگیر بووە.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین هاکتەری سەرەکی‌مانەوە و فراوان بوونی ئەم شارە لەجوار سەد ساڵی ڕابردوودا و تا ڕادەیەکی جیهانی بەکەم، لەسەر خاڵی خوارەوەدا کورت بکەینەوە.

۱- شوێنی نیشتەجێبوونی جێگیربوونی سەرۆک عەشیرەتەکان.

۲- شـــۆڕشی جەنگیربـــووی بارزگـــان و کاســـبکاران کـــە پیداویســـتی و بژێوی ژیانی دێهاتیەکان و عەشایەرو خەڵکی گوندی ناوچەکەیان جێبەجێ دەکردو لە ئەستۆی خۆیان دەگرت.

۳- رۆڵی بازرگانی وماسەڵەی ئەم شارە لەنێوان شـارەکانی تـرمر بایخـانی سۆڤیەتـو ئەورێزو شارەکانی سابڵاغیو ئەمانەت نورکیاش، وە دە ئـوتانین بڵـێین کە لەسەردەمی شەڕی دووەمی جیهانیودروسـتبوونی کۆماری مەهابـادا، ئـوێژە سەرەکیەکانی شار ئەمها کاســکارو بارگیرەکان بوون و لەفزاعی دوانزدا خێزان و پیوەندارانی خاوەن سەرمایە و سەرانی عەشرەئەکان هاتنە ناوبەوە

هەروەها لە کوێـــنانەکان و لەوەرگاکانی دەوروبەری ئەم شارەدا بـاخود ئـەم شارسـانەدا سێ عەشیرەتی دەمگور، دەمزکری و گـەورک دەژیـان. ئـەم شـارە لـە رابردوی خۆیدا شاهیدی ماکۆکی و نێخێلاف گەلێکـی جۆراوجـۆر لـە نێـوان خەڵکی کۆچەری و نیشتەجێکاندا بووە کە کۆمەڵانـە نیرانیـەکـان ماسـیان لێـوە کردووە[۸].

۳- قازی محەممەد[۹] لە ساڵەکـانی ۱۳۲۰(۱۹٤۱ز) دەبـاخـود قـازی محەممەد چۆن بوو بە پێشەوا؟

سەرەتای دەسـتپێکردنی کاری قازی محەمـمـەد و چالاکیـەکـانی لـە سـاڵـی ۱۳۲۰ی هەتاوی لەهەمان شاری مەهاباد دەســت پـێدەکـات و لـە حاکـەلبـووی ۱۳۲٦(۳۰ی تاڕسی ۱۹٤۷ز)کە لەسـتبارەدایی کۆتایی پێدێت

قازی محەممەد لەمیانەی نەو شـەش ساڵەدا و لەنێو هەل و مەرجی نایـەنـی ناوچە کوردنشـینەکان- بەتایبەت لەناو نـاوی مەهابادا-پێگەیشـت و کـەونـە نـاو

کار و جم و جوڵەوەو وەک رقابەکی نایینی خەبانگیز و رابەری حەبانکاران و شۆڕشگێڕانی کورد و بیانەوی کۆماری مەهاباد ناربانگی دەرکرد و ناسرا[۱۰]

بەڵام ئایا بارودۆخی ناببەنی ئەو لەم شارەدا چی بوو؟

لەسەرەناکاس شەڕی دووەمی جیهانیدا- واتە لەسالی ۱۳۲۰هەتاوی (۱۹٤۱ز)- ووسەکان باکووری ئێران و نیگلیزەکان باشووری وڵاتی نیمچەبان داگیرکرد.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی ۹/ی حەمەرماسانی ۱۳۲۰هەتاوی(۱۹٤۱ز)لەدرێژەی داگیرکردنی ئێران لەلایەن هێزە ئیرانیەکانی سۆڤیەت(ووسیا)، شاری مەهاباد بە فڕۆکەی ڕووسی بۆمباران دەکرێت و ڕۆژی دواتر لەمیو نیوەڕۆ و لەوبەر و دڵەڕاوکێی خەڵکیدا، هێزەکانی نیزامی شۆڕەوی(ووسیا)دەچنە ناو شارەکەوە، پادگانی مەهاباد کە بە بێ هیچ بەرهەڵستی و بەرگرییەک خۆی ڕاببوو بە دەستەوە، دەست بەسەر دانەگرن و داگیری‌دەکەن، وەشەم داگیرکردنە تا مانگی گەلاوێژانی ۱۳۲۵هەتاوی(ئۆکتەمبەری۱۹٤٦ز)بەردەوام دەبێت[۱۱].

بە دەربڕینێکی دیکە دەتوانین بڵێین کە ماوەی شەش ساڵ هێزەکانی دەوڵەتی ئێران لەو ناوچەیەدا حوزووریان نەبووە، و تا هاتنی سوپای(نەرتەشی)ئێران. لەو ناوچەیەدا هیچ نەزم و ئەمنێتیکی حکومی لەنارادا نەبووە. بانی لەو شەش ساڵەدا لەلایەکەوە دەوڵەتی ساوەتی هیچ حوزوری ناسادەگریەکی لە ناوچەکانی کوردستاندا نەبووە و لە لایەکی تریشەوە سوپای بێگانە دەوامڕەوا بووە.

لە خەرمانانی ۱۳۲۰هەتاوی(۱۹٤۱ز)بەدواوە لە شاری مەهابادا ئەو کەسانەی کە خاوەنی سەروەت و سامان و پلە و مەقامێک بوون، شارەکە بەجێ دێڵن و بۆ پاراستنی گیانی خۆیان بۆ شارە ناوچەکان لە ناوخۆی وڵات کۆچ دەکەن، بان بەسا

دهبهه بهر مال و دهڤهری گوندهکانی ناوچه کوردنشینهکان و عهشایهری نهو ناوچانه.

لهو نیوهندهدا نهبها خهلکانی ئاسایی که دهسنیان به جیگا و ریگایهک نهدهگهیشت له شارهکهدا مانهوه. ئهو خهلکه لهلایهک نرسیان له هیرهو بیرابهکانی بهگانه همبور که له ناوچهکهدا بوون[۱۲]. و له لایهکی دیکهشهوه له هیرش و پهلاماری جاوهروانکراوی بهشیک له عهشایهر بۆ سهر شارهکه له نیگهرانی و ترس و لهرزدا ژیابان بهسهر دهبرد.

ئالهو بار و دۆخ و کاتانهدابه که قازی محهمهمهد وهک مامۆستا و مهلایهک که باوکی قازی نایسی شار بوو، فۆڵی هەوڵ و همهمهت لن هەڵدهمالن و دهست له کار و باری خهلکی وهرنهدات و نیکهڵاوی گیروگرفت و نیش‌وکاربان دهبت.

قازی محهمهمهد لهو کاتهدا ژمارهیهک له خهلکی شارهکه ئاماده نهکات و داروقهمچی و پاشان چهکیان پێنهدات تا له بهرامبهر دهست درێژی و دوی و خراپهکاریدا بارێزگاری و پاسهوانی له شارهکه بکات.

ئهو ههروهها کیشه و مهسهله پهیوهندیدارهکان مهناوونه و حزواکی خهلکی لهگهڵ کارمهند و مهرپرسانی ناوچهی شارهکهبدا چارهسهر دهکات و ریگا چارهبان بۆ دهبنجهوه و به پێکهیانی دادگایهک و دامهزراسی وهک سهرۆکی دادگاکه، کیشه و ناکۆکی و گیروگرفتهکانی نیوان خهلکی چارهسهر دهکات. ههر به هۆی ئهو ههنگاوانهشهوه قازی محهمهمهد حسێی خۆی له دڵی خهڵکیدا دهکاتهوه و دهبێته حزشهویستی خهڵک و نارناوی«پێشهوا»ی پێ دهبهخشن[۱۳].

لیرهدا بۆ ریسانر روونکردنهوهی وزڵی قازی له کاروباری نهمهنی شاردا(نهمن و ئاسایشی خهڵکی‌دا) ئاماژه به دوو حاڵ دهکهین:

یەکەم/ لە کتیبی (از مهباد خوبیں تا کرانەهای ارس) لە مەهابادی خویناوی‌یەوە تا کەنارەکانی ئاراس، نووسراوی (نەحەفوڵی پەسیان)- پەیامبەری نەو کانی رۆژنامەی ئیتلاعات- کە لەو دەمەدا لە شانۆی سیاسی کوردستان و ئارەزایەتی رۆژئاوادا حوروروری بووە، بەم شیوەیە هاتووە: «فاری محمد» لە ساوەی فەرمانڕەوایی حزبدا لە ڕێ و شوێن و شیوازی ناپەسەندی خۆی هەڵسوکەوتی دەکرد، چونکە ڕێگەی بەدا کاری کوشتن و پەلامارەدان و دەستدرێژی لەنێو شاردا ڕوو بدات باخود سەروەت و سامانی خەڵکی بەتاڵان بچێت، ئەم کارە وای کرد کە لە ماوەی دوو ساڵی دەسەڵاتداری و فەرمانڕەوایی نەودا ئەمنیا بەک کەس لە خەڵکی شار بکوژرێت* و خەڵکی هۆگریەکی ناپەسەت لەگەڵ فاری‌دا پەیدا بکەن».

دووەم/ عەشایەر بەهۆی نەو ڕۆشبیری و نیگەبشتە ناپەسەند عەشایەریەی هەبانبوو و بەهۆی نەو بەرخورد و نیکهەڵچوونانەی لەمەودی مەڕوویی‌دا لەنێوان نەو عەشایەر و خەڵکی مەهابادا ڕووبانبدا ڕوو و هەروەها بەهۆی چەسپ ناکەرێکی‌تر کە هێشتا ڕۆشن نیە، زۆربەیان بە چاوێکی دوژمنکارانەوە سەیری نەو شارەیان دەکرد و لە هەر دەرفەتێکدا کە بۆیان ڕێکەوتبایە، هەرچی لە تواناياندا تا دەرهەق بەو شارە دەیانکرد و دریغیان نەدەکرد. بە ماناپەکی‌تر نیمە لە ناوچەی مەهابادا شاهیدی هەمان نەو بارەت وەسەلە و هەمان نەو شەبن کە کۆمەڵناس(مردم شناس)ەکی نیران باسی دەکەڵ کە مرینی‌یە لە ناکۆکی و حیاوازی کۆچەری لە گەڵ شارنشین بان نیشتەجێیاندا...

بۆ نموونە فاتر مودەرریسی دەڵێت:

ڵه حهرمانی ۱۳۲۰هه‌تاوی(۱۹٤۱ز) که هێرەکانی شۆرەوی دێنه ناو خاکی ئێرانەوه و حکومەت له ناوچەکەدا نامێنن و بۆشایی دروست دەبێت. سەرلەنوێ عەشیرەتەکان حزبان جەکدار و ئامادە ئەکەن، هەمیشە له بیری نەوەدا ئەس که له هەلێکی گونجاودا هێرش بکەنه سەر شاری مەهاباد. حزبی سەرنجه که بەپێی گەواهیەکان(شاهیدانی زیندوو)، لەو سەردەمەدا له کاتێکدا که هێشتا عەشایەر هەر له گوندەکان و دێهاتی خۆیان نەبن، که بڕیار ئەدەن کانیەک هێرشیان کردە سەر شارەکه سەروەت و سامانی(میرزا وەحمەت شافیعی)- که ساودارترین و دەولەمەندترین کەسی مەهاباد بوو - بە هۆی بەمالە سەدن. که ئەم کارە دەبێته هۆی ئازارمانه وه و دروستکردنی ترس و بیم و لەرزێکی زۆر له نێوخەڵکی مەهابادا ئالەو کات و سانەدا، قازی محەمەد کۆمەڵێک کەس له خەڵکی سەدار و گۆڕجان و کۆمەڵێکیش به نەفەنگ و خەنجەر چەکدار دەکات و سەرقاڵی بەرگریکردن و پاریزگاریکردن له شار و جەماوەرەکەی دەبێت و نەوبەری هەوڵ و توانا و نەفەللای حزبی لەو پێناوەدا دەخاته گەر، وەبەم شێوەیه لە دڵی خەڵکی شارەکەدا حزبێکی زۆر بەهێز دەبێته[۹].

٤- کۆمەڵەی(ژ.ک.ک)و جەرەیانی سیاسی-ڕۆشنبیری لەتەک جوولانەوەی قازی محەمەددا

هەروەها له ئان و ساتی هەمان ئەو شەش ساڵەدا ژمارەیەک له کوردەکان بە سەرنجڕاکێشان لەو کارەسات و ناهەمواری و نائاسوودەیی‌یانەی بەدرێژایی مێژوو ڕووبەڕووی ئەو میللەتە بوونەتەوە(بەتایبەت له شەڕی چاڵدێران بەدواوە)[۱۰] و هەمیشە دەوڵەتان و ڕووداو ئالۆگۆڕە سیاسیەکان وەک وەسیلە و ئامرازێک سوودیان لێوەرگرتوون، بڕیاڕ له چارەسەرێک کردەوە و لەدرێژەی هەمان

چارەسەر و گەران بە دوای ڕێگاچارەبەکدا بوو کە لە ساڵی ۱۳۲۰هەتاوی(۱۹٤۱ز)[۱۵] بەدواوە هەر لە مەهابادا کۆمەڵەیەکی میللی-خاپیی لە ژێر ناونیشانی کۆمەڵەی(ژێ.کاف)دا -زەبنەی پێکهێنانی فەراهەم هات[۱۶].

ئەم کۆمەڵەیە کە پێشتر لە کوردستانی عێراقدا دروست بوو[۱۸]، بارەری بە ڕزگاری گەلی کورد هەبوو(هەر بۆیەش هەندێک کەس دروستبوونی ئەم کۆمەڵەیە دەگێڕنەوە بۆ ئینگلیز، چونکە ئەو کاتە ئینگلیز لەسەرانسەری عێراقدا حازر دەڵات و دەور بوو). وەهەروەها کۆمەڵە لەو باوەڕەدا بوو کە ئاک ڕێگای ڕزگار بوون و ئازادی میللەتی کورد گەشەکردن و بەرەوپێشەوە چوونی فەرهەنگ و ڕۆشنبیری ئەو میللەتەیە.

بەکێک لە دامەزرێنەرانی ئەو کۆمەڵەیە کە تا ئێستاش هەرلە زیندایە دەڵێ: ئەم کۆمەڵەیە هەر لە بنەڕەتدا بارەری بە خەباتی چەکدارانە نەبووە، بەڵکو کۆمەڵەیەکی نەتەوەیی-خاپینی بوو کە پێ ی وابوو دەبێ گەلی کورد لە ڕێگەی هۆشیاری و بەرەو سەربردن و گەشەپێدانی ئاستی فەرهەنگ و ڕۆشنبیری‌یەوە ڕزگار بکرێت.

کۆمەڵەی(ژێ.کاف)سێ ساڵ بە شێوەی نهێنی کاری دەکرد بە پێی ئەو داب و نەرجە نەعتەوی و ئایینەیانەی خۆی کە هەیبوو[۱۹] لە ناوچەی موکریاندا.ئەو لە هەمان ناوچەی مەهاباد بان باشووری پارێزگای ئازربایجانی ڕۆژئاوای ئێستا- ، بەڵێ کۆمەڵەی ئازیرلو لەو ناوچەیەدا جەریکی کار و چالاکی خۆی بووە، بەڵام ئەوەی کە جێی سەرنجە لێرەدا ئەوەیە کە قاری محەمەد ئەندامی ئەو کۆمەڵەیە نەبووە!

بە درێژایی ماوەی ئەو سێ ساڵە، کۆمەڵە توانی ژمارەیەکی زۆری جەڵک بەشێوەی نێپ و دەستەی نهێنی بەڵای خۆی‌دا ڕابکێشێ و دەڵێن جەم و جۆڵ و

جالاکی نەو کۆمەڵەیە کارێگەری زۆری لە سەر خەڵکی دوربەدوور کاری نیکردن، تا بە چەشنێک خەڵک و جەماوەرەکە خۆشیان دەوێست و دڵیان پێوەی بەستابۆوەو هۆگری بوون، نەنامەت وەک دەڵین شەوانە خەڵک تا بەیانی دەرگای ماڵەکانیان لە سەرپشت بەحن دەهێشت بۆ هاتووچۆی کۆمەڵەکە.

جا ئێستا بۆ نەوەی لە مارەی رەمزی کۆمەڵەی(ژ.ک.ک)ۆ پەیوەندی بە فاری محەممەدەوە ڕیانر ئاشنا بێت، دەڵێ فەرەکانی محەممەدی سەمەدی لیکۆڵەرەوەی میژووی مەهاباد و رەمزگیری کتێبی(جمهوری مهاباد)، دەنووسێ.

«لە ساڵی ١٣١٩هەتاوی(١٩٤٠ز)دا زانیاریەکی سروانەر و دڵسۆز بە ئێوەی مەلا ئەحمەدی فەوزی کە بە مەلای سلێمانی بەناوبانگ بوو(سلێمانی بەکێک لە شارە گەورەکانی کوردستانی عێراقە)، کۆڕ و ئەنجومەنێک پێکدێنێت کە ئیبتدا وانەی ئیسان و ئەخلاق و هەندێکیش وانەی ئەنەوابەنی سە فونایبەکان دەڵێتەوە. ئەو ئەنجومەن(محفل)ە هیچ جۆرە چوارچێوەیەکی دیاری کراوی ڕێکخستن و پەیرەو و پڕۆگرام و مەرامنامەیەکی نەبووە...بەڵام ئەوانەی کە لەو ئەنجومەنەدا بەشداریان کردوو لە کۆڕی ئەو وانانەدا ئامادەبوون، دوانر کۆمەڵەی(ژ.ک.ک)یان دروست کرد.

کۆمەڵەی نهێنیراو لە کوردستانی ئێراندا ڕۆژی ٢٥ گەلاوێژی ١٣٢١هەتاوی(١٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٢ز)لە ئامادەبوونی هەژدە کەس هێندەیان مەهابادی و دوو کەسیان کوردی عێراقی[٢٠]لە مەهاباد پێک هات. ئەو کۆمەڵەیە کە کۆمەڵەیەکی ئایینی-سیاسی بوو و نە تەنها لە پێناو بەرەوپێشبردنی ئاستی ڕۆشنبیری و هەرهەمەکی گەلی کوردا ئەنقەڵاو خەباتی بەرفراوان و هەمەلایەنەی دە کرد، بەڵکەبۆ بزووتنەوەی سیاسی-یە کە لە کوردستانی ئێراندا پێک هاتبێت.

به پێویستی دەزانم لێرەدا ئەوە روون بکەمەوە کە رۆژی ۲۵ی گەلاوێژ- هەروەک ماسمان کرد- رۆژی لە دایک بوونی کۆمەڵەی(ژ.ک.ک)، کە هیچ پەیوەندیەکی بە حیزبی دیموکراتەوە نییە، بەڵام هەروەک دەڵێین حیزبی دیموکرات حزبی بە پاشماوەی کۆمەڵەی(ژ.ک.ک)دەڵێت و رۆژی دامەزراندنی هەردووکیان هەرهەمان رۆژی ۲۵ی گەلاوێژ دەدانە قەڵەم[۲۱].

ئەم کۆمەڵەیە لە یەکەمین هەنگاوە سەرەتاییەکانی حزبدا، پێوەندی لەگەڵ حیزبی (هیوا) لە کوردستانی عێراقدا پەیدا دەکات کە ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕ و خاوەن ئەزموون بوو، وە لەلایەن حیزبی ماوێراوەوە چەند نوێنەرێک دەپێردرێتە مەهاباد بۆ ڕێکخستن و ڕێنمایی‌کردنی (ژ.ک.ک).

لە هەمان ساتدا کوردەکانی تورکیاش چەند ڕێکخراوێکیان پێکهێنابوو کە لە سەروو بانەوە ڕێکخراوی(خۆیبون) بوو، کە لە(بەیروت)و(پاریس)دا بوونیگە و نوێنەری هەبوو و دەنگ و ماسی کوردستانی بە کەسانی و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهان دەگەیاند و باڵاو دەکردەوە.

ئەم ڕێکخراوەش لەگەڵ حیزبی(هیوا) و کۆمەڵەی(ژ.ک.ک)پەیوەندی هەبوو. (ژ.ک.ک، بە مانای کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان یا خود کۆمەڵەی نیکۆشەر لەپیناو ژیانەوە و نوێ کردنەوەی ژیانی کوردستان)...

کۆمەڵەی(ژ.ک.ک)لە تەندام بوون نیابدا، چەند مەرجێکی دانابوو و هەرکەسێک داوای تەندامێتی کردبا، دەبوایە ئەو شەش مەرجەی خوارەوە جێبەجێ بکردایە، کە بریتی‌بوون لەمانەی خوارەوە:

۱- هەرگیز خیانەت لە کورد نەکات.

۲- بۆ خودموختاری کوردستان لە نیکۆشان بەردەوام بێت.

۳- هیچ ڕازێکی ڕێکخراوە، بەبێ فەڵەم، نەدە نیشانە نەدرکێنێت.

٤- هەنا کۆنایی زبانی ئەندامی کۆمەڵە بێت.

٥- ئەواوی پیاوانی کورد بە برای حزی و ئەواوی ژنانی کورد بە خوشکی حزی بزانن.

٦- بە بێ ئیزنی کۆمەڵەی(ژی.کاف) ئەبێتە ئەندامی هیچ حیزب و ڕێکخراوەیەکی تر.

بەڵام سەبارەت بە پێوەندی کۆمەڵەی(ژی.کاف)بە فازی محەمەدەوە

ئاکە سەڵکە نامەیەک کە لەو سەردەمەدا دەنوانین پشتی پێ ببەستین ڕاو بۆمو و بۆچوونی مەلا فادر مودەڕریسی‌یە کە بەکێک لە دامەزرێنەرانی نەو کۆمەڵەیە بووە و حالی حازر لە زیاندایە و لە نەمەی٩٧ساڵی‌یە.

لەو نامەوە سەید محەمەدی سەمەدی ئیکتزامر و وەرگێڕی کتێبی کۆماری مەهاباد بەم شێوەیە نەدونت و دەڵێ:

«نەو(واتە مەلا فادری مودەڕریسی) کەسێکی بەرنیز و حاوەن حافیزە(لەبەرسوون)یکی لەوادیەدەر ئاش و بە هیزەمەلا فادر لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی(ژی.کاف)بووە و لە مەڕ ڕوونکردنەوەی نەو مەسەلانەوە کە پێوەدیار بەو کۆمەڵەیەوە هەیە ڕاستگۆیانە نەدونت و فەرمووی:

بە گوێرەی ئیدوانەکانی ساویراو. فازی محەمەد لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی(ژی.کاف) نەبووە، بەڵکو نەیها بەڵێنی نەوەی دابوو کە هاوکاری کۆمەڵە بکات و هاوکاریشی کرد. ناوناوی خوالێخۆشبوو فازی محەمەد لە کۆمەڵەی(ژی.کاف)دا (بنایی)بوو فازی بۆ ئەندامێتی لە ناو کۆمەڵەدا

بانگهیشت کرا و شوینی بانگهیشت کردنه‌کەشی مالی حوالیحزشیوو مام ئەحمەدی ئیلاهی بوو(که دواتر لـه حکومـه‌تی قـازی‌دا بـوو بـه وەزیـری ئابووری)، لەوێ دووکەس لە زووریکی نهێنی‌دا قسـەیان لە گەڵ قازی کرد و داوایان لێ‌کرد بچە ناو کۆمەڵەوە. ئەو دوو کەسـەش بەکیان بەرێز مـەلا قـادر مودەرریسی و ئەوەی‌تریان حوالیحزشیوو قاسم قازی بوو.

قازی لای ئەو دوو کەسـە رابگەیاند کە تائەمڕۆ هەر کارێک و هەر بارمەتی و کۆمەکێک کە بۆ کۆمەڵەکە لە دەسـتم بێت راشـکاوانە و دڵـسۆزانە ئەنجـامی بدەم، بەڵام بەشێوەی رەسـمی نایمە ئەندام، وانە نەبە رەسـمی بوو ئەنجـامم و بە سوێندیشی خوارد، بەڵام بـە شـێوازی لاسـەڵا و ناراسـتەوخـۆ هاوکـاری کۆمەڵەی دەکرد ٥ (لە بەرێز سـەید محەمـەدی سـەجـادی سـەفـڵ کـراوە کـە لێکۆڵەرەوە، ڕۆمەگیری کتێبی کۆماری مەهابادی ئەنگلێزە)[۳۱].

بەشی سێیەم

قازی محەممەد و پێکهێنانی

حیزبی دیموکرات و کۆماری

خودموختاری مەهاباد

له ساڵی ١٣٢٤هەتاوی(١٩٤٥ز)، وانە چوار ساڵ دوای داگیرکردنی شاری مەهاباد لە لایەن هێزەکانی سۆڤیەت(روسیا)وە، ئیمە شاهیدی دوو رووداوی گرنگی سیاسین لە ناوچەکەدا؛ بەکبان دامەزراندنی حیزبی دیموکراتە بە سکرتێری گشتی قازی محەمەد و نەوێ‌زبان دروستکردن و پێکهێنانی کۆماری خودموختاری مەهاباد ئەمیشیان هەر بەسەرکۆماریەتی قازی محەمەد. ئینجا بەر لەوەی بچینە سەر رووداوەکەوەی نیم دوو رووداوە و شرۆڤەکردبان، پێویستە ئاماژە بە هەردوو سەدەی قازی محەمەد بۆ سۆڤیەت بکەین کەلە ماوەی نیو چوارساڵەدا بەئەنجام گەیشتوون.

١ـ سەدەی یەکەم بۆ سۆڤیەت

سەدەی یەکەم، لە ساڵی ١٣٢٠هەتاوی(١٩٤١ز)دەست، کە چەند نوێنەرێک لە کوردستانی ئێرانەوە بە مەبەستی دیدار و جاوپێکەوتنی لە بەکێتی سۆڤیەت دیاری دەکرێن و لەلایەن سۆڤیەتەکانەوە بانگهێشت دەکرێن.

نیو بانگهێشت(دەعوەت)ە لە لایەن نوێنەرانی کوردەوە ـکە زیاتر لە بیست کەس[٣٣] بوونە ـفەسوڵ دەکرێت، میوانەکان لەرێگەی تەورێز و سەڵماسی شەمەندەفەرەوە مەهاوڕێیەتی ژەنەراڵ سەلیم ئاتاکشێف دەگەنە باکۆ.

ئەو هەڵبژاردەیە(شاندەی) لە ماکۆ جاوسان بە پێشکەوتنەکانی پێشەسازی، کشتوکاڵی، هەرهەنگی و هونەری بەکان کەوت و لەگەڵ سەرانسی کۆماری نارمربایجانی سۆڤیەتدا لەسەر کوردستانەوە، چەند وتوویژێکیان ئەنجامدا. لەو سەفەرەدا میرجەعفەر باقرزادە، سەرۆک کۆماری نارمربایجانی سۆڤیەت روو بە شاندی کوردان دەڵێ:

«ئێمە نیومان خۆش دەوێت و بۆ سەربەخۆری و سەرەو پێش‌چوونی گەلی کورد ئیدەکۆشین، وە نیوە هەر کارێکتان هەبوو سەردانمان بکەن و پێمان بڵێن، ئێمە بەرانسی براتین چ داواکاریەکتان لە ئێمە هەیە».

فاری محەمەدیش لە وەڵامی ئەو قسەیەی سەرکۆماری سۆڤیەتی‌دا دەڵێت:

«ئێمە سەربەخۆیی‌مان دەوێت و پێویستە دەوڵەتی سۆڤیەت بە هۆی سوپای سوورەوە سەربەخۆیی‌مان دەستەبەر بکات و چەکمان پێ‌بدات.»

هەڵبژاردەکە لەو سەفەرەدا چەند جاوازی و ماکۆکیەک لە بوان خودی خۆیدا کورددا روو بدا- چونکە هەیانەکە هەم لە سەرۆک عەشیرەتەکان پێک هاتبوو هەمیش لە کەسانی سیاسی...!

٢-سەفەری دووەم بۆ سۆڤیەت

سەفەری دووەم، لە حوزەیرانی ١٣٢٤هەتاوی(سێپتەمبەری ١٩٤٥ز)دا بەئەنجام گەیشت، کاتێک زەمینەڵ سەلیم ئاناکشیزف نوێنەری سیاسی سۆڤیەت لە نارمربایجان، داوا لە فاری محەمەد و دەکات کە هاوڕێ لەگەڵ هەیئەت(شاند)ێک سەردانی سۆڤیەت بکات. لەو سەفەرەدا حەوت کەس هاوڕێیەتی فاری محەمەدیان کرد(کە زۆربەیان لە کەسانی سیاسی بوون)[٢١].

ئەم شانەیە لە وێنەکەی شەمسەدینی ماکۆدا لەلایەن نوێنەرانی کۆماری ئازربایجانەوە پێشواری کران و پاشان وت و وێژ و دانوستان بە ئامادەبوونی (جەعفەر باقرزادە) سەر کۆماری ئازربایجان و شاندی ئاوێرانی دەستی پێکرد. لەو وت و وێژ و کۆبوونەوەیەدا باقرزادە لە حاڵێکدا بەئاوڵەپی دەستی، دەستی خۆی لە دەستی ئەو کوورسە گیر کردبوو کە لە سەری دانیشتبوو، وتی:

«... تا ڕۆژێک کە کۆماری سۆشیالیستی هەبە، خودموختاری و ئازادی گەلی کوردیش بەرقەرارە...»[٣٥]

قازی محەمەدیش لە وەڵامیا وتی:

«گەلی ئێمە بەدەستێک کە ڕابین بە پارەئێمان و هاوکاری کردنی، نەک هەر دەیگوشێت، بەڵکو ماچیشی دەکات...»

هەروەها لەو سەعەرەدا باقرزادە بەڵێنی ئەم شتانەی خوارەوەی بە شانەکە ئەدات:

١- چەک و چۆڵ و پارەئێکی زۆری کاڵا و کەل و پەل بۆ سەهاند بێردرێت.

٢- قازی محەمەد کۆمەڵێک لاوی کورد بنێرێت بۆ وانکۆی ئەفسەری باکۆ بۆ بەشداری کردن لە حوڵی مەشقی سەربازی(کە دوانزە هەفتا کەس بێردران).

٣- دەرگایەکی ماشێنی چاپکردنی کتێب و ڕۆژنامە بدرێت بە کوردان[٣٦].

٣-پێک هاتنی حیزبی دیموکرات

دووەمبوونی حیزبی دیموکرات، دوای سەعەری دووەم بۆ سۆڤیەت بوو، ئەومبوو کە قازی محەمەد دوای ئاگادار کردنەوەی کەسانی بەڕەتی و سەرەکی کۆمەڵەی(ژ.ک.ک)، دروست بوونی حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک ئاڤە

ڕێکخراوی سیاسی ناوچە کوردستانەکان ڕاگەیاند و کۆمەڵەی(ژ.ک.ک)یش لەگەڵ ئەو حیزبەدا تێکهەڵکێش بوو.

دوایەدوای ئەمە بەکەمین کۆنفرانسی حیزب لە سەرماوەزی ١٣٢٤هەتاوی(نیسانی بەکەمی١٩٤٥ز) بڕیاردرا بەرنامە و پڕۆگرام و هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی و سکرتێری گشتی، بەشێوەیەکی دیموکراتی ئەنجامدرا بە سکرتێری گشتی ئەو حیزبە هەڵبژێردرا.

هەندێک لە خاڵەکانی بەرنامەی ئەو حیزبە بریتی بوون لە:

١- گەلی کورد لە ناوچەی ئێراندا لە بەرێوەبردنی کار و باری خۆی ئازاد و سەربەست بێت و خودموختاری خۆی لە چوارچێوەی ئێراندا بەدەستەوە بگرێت.

٢- بنوانن بە زمانی کوردی خۆی بخوێنن و ئەرکەکانی بە زمانی خۆیان بسەرێنێت.

٣- ئەنجوومەنی هەرێمیی کوردستان بە پێی بنەمای بنەڕەتی(قانونی ئاساسی) بە ڕووترین کات هەڵبژێردرێت و لە هەموو کارووبارە کۆمەڵایەتی و دەوڵەتەکاندا چاودێری و سەرپەرشتی بکات.

٤- بەرپرسانی دەوڵەتی لە ناوچەکەدا، بە ئەنکەد دەبێ لە خەڵکی ناوچەکە پێکهێنرێ.

٥- پێویستە هەرجێ بەرهەم و داهاتی ناوچەکە هەیە، لە خودی ئەو ناوچەیەدا خەرج بکرێت.

٦- بەتایبەت حیزبی دیموکراتی کوردستان ئیدەکۆشێت کە بەکجێ و برایەتی لە نێوان گەلی ئازەربایجان و ئەو گەلانەی لە ئازەربایجان دەژین(ئاشووری، ئەرمەنی و...) بەرقەرار بکات.

٧- حیزبی دیموکراتی کوردستان له ڕێی سوود وەرگرتن لە سەرجاوە سروشتی‌یە زۆر و دڵرەبەنەکانی کوردستان و گەشە پێدانی سوارەکانی کشت وکاڵی و ئاژەڵداری و پەرەپێدانی کاروباری ڕۆشنبیری و زانستی، بۆ خۆشگوزەرانی و ڕەفاهیەتی ژیانی ئابووری و مەعنەوی گەلی کورد خەبات دەکات[٣٧].

٤- پێکهاتنی کۆماری خودموختاری کوردستان

هێشتا چەند مانگێک بەسەر پێکهێنانی حیزبی دیموکراتدا نێپەڕ نەبوو کە لەڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤هەتاوی(٢٢کانوونی دووەمی١٩٤٦ز)پێکهێنانی نە و حکومەتە بەم شێوەیەی خوارەوە ڕاگەیەنرا:

لە گۆڕەپانی(چوارچرا)ی مەهاباد بە ئامادەبوونی سەرانی کورد و ماشێنێکی جیپی ئەرتەشی سۆڤیەت[٣٨]، قازی محەممەد لە سەرەوەی نەو شوێنە ئایینەنیەی بۆ مەراسیمەکە ئامادەکرابوو، ڕادەوەستێ و پێکهێنانی کۆماری خودموختاری کوردستان ڕادەگەیەنێ. قازی محەممەد لەسەرەتای وتارەکەیدا ئاوا دەست پێدەکات:

«گەلی کورد گەلێکی یەکەسەن، خاک و نیشتمانەکەیان داگیرکراوە و دابەشکراوە، وەلە سەرەتایی‌ترین ماف کە مافی دیاریکردنی چارەنووسە، بێبەش... » لاپەرە ١١٣ کتێبی نەمگلتون.

ئینجا قازی محەممەد بە حڵ‌ڕەبەرگی ئەسەرانی ڕووسی و پلەی زەمەرالی وەک فەرماندەی گشتی هێزەکانی کوردستان، ڕێ و ڕەسمی سەرباری لەهێزەکانی حزی ئەبێن و دوای مەڕێوەچوونی مەراسیمی ڕیزبەندی لەشکرەکانیەی کۆماری مەهابادی بەم شێوەی خوارەوە ڕاگەیاند:

١- حاجی مامەشێخ	سەرۆک وەزیر
٢- محەمەد حوسێنی سەیفی قازی	وەزیری شەر
٣- محەمەد ئەمین موعینی	وەزیری کاروباری بۆرجۆ
٤- حاجی رەحمان ئاغای موهتەدی	وەزیری کاروباری دەرەوە
٥- ئەحمەدی ئیلاهی	وەزیری ئابووری
٦- ئیسماعیل ئیلخانی‌زادە	وەزیری ڕێگاوبان
٧- حاجی مستەفای داودی	وەزیری بارەگانی
٨- مەحموودی وەلی‌زادە	وەزیری کشتوکاڵ
٩- کەریمی ئەحمەدەبی	وەزیری پۆست و تەلەگراف
١٠- مەلائی کەریمی	وەزیری ڕۆشنبیری
١١- سەیفی حەبلەڕی	وەزیری ڕاگەیاندن
١٢- حەبیبی خوسرەوی	وەزیری کار[٢٩] [٣٠]

٥- دەرچوونی سوپای سۆڤیەت و ڕووخانی کۆماری خودموختاری کوردستان

لە گەڵ سەفەری قەوام سەلتەنەت بۆ مۆسکۆ و مۆرکردنی چەند ڕێککەوتنامەیەک لە نێوان دەوڵەتی ئێران و سۆڤیەت‌دا بارودۆخەکە سەزبان و دەرەنجامی کۆماری خودموختاری مەهاباد و قازی محەمەد وەرچەرخا.

دوای ئەم سەفەرە هێزەکانی سوپای سووری سۆڤیەت، باکووری ئێران(واتە ئازەربایجان و کوردستان)یان بەجێهێشت چۆڵ کرد و دوای ئەو کشانەوەیە ئێتر هێزەکانی سوپای ئێران بە فەرماندەیی سەرتیپ هومایونی لە [٣٠]١٠ی سە ڕەزەری ١٣٢٥ی هەتاوی(١٩٤٦/١٢/١٧ز) هاتنە ناو شاری مەهاباد[٣١].

سەرەتحام لە یازدەی سەرماوەری ١٣٢٥ پلش سەقامگیر بوونی سوپا لە ماوچەکەدا، قازی محەمەد و هاوەلەکانی دەستگیر دەکرێن و دوای پێکهاتنی دادگای سوپا، قازی لە شەوی ١٠ای خاکەلێوەی ١٣٢٦هەتاوی(٣١/٣٠ مارسی ١٩٤٧ز) لە هەمان گۆڕەپانی چوارچرای مەهابادا لە سێدارەدرا.

لەیادداشتەکانی (عومەر عەلیار) لەمەر چۆنیەتی دەستگیرکرانی قازی محەمەد و رووخانی کۆماری مەهاباد، ئاوا هاتووە:

«...سوپای ئێران بەهۆی بارمتەیە هەمەلایەنەکانی ئینگلیز و ئەمریکاوە چووە ناو ئازەربایجان و کوردستانەوە، تا لەگەڵ لەمەر یەک هەڵوەشاندنەوەی کۆمارەکانی خودموختار، دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتی تا بەرفەراز و سەقامگیر بکات. (کازم نۆف) نوێنەری شوورەوی کەوەک وانەستەو بەبوونیەکی ماڕگانی لەمەهاباددا دانەبێت، دەبەوێت کە قازی محەمەد رازیبکات لەگەڵ حزم وکەس و نزیکانی جارێدا ئێران بەجێ بێڵن و بچێتە سۆڤیەت، بەڵام قازی ئامادە نەبوو مەهاباد بەجێ بێڵن. هەڵکێش نەڕوێشتنی قازیان وائیک نەدلوەبە کە قازی وتووبەتی:

«ئەگەر من بڕۆم و مە هاباد بەجێ بێڵم، ئەوا میللەتی کورد ئەحمەد زێر نەلار و ئەشکەنجەوە، لێگەڕێ با من لەم خوربانی گەلی کورد». سەڵام ئەو بۆچوونە و لێکدانەوانە ناتوانرێت بەتەواوی بەڕاست وەرگیرێن. چونکە قازی عرێوی گەت و بەڵێنەکانی فەرام سەڵتەنەتی حوارددرو بووە کە بەڵێنی داوو پشتیوانی لێنکات و مەهاباد بەجێ نەهێڵن و مەسەلەکە تەنها مەسەلەی ناراردان و ناڕەحەت کردنی میللەتی کورد نەبووە[٣٣]

کازم نۆفی نوێنەری سۆڤیەتیش ناچار وڕێشە ورمێ و قازی محەمەدیش بێهیچ جۆرە شەڕ و خوێنڕێژیەک، ئۆ پیشوازی کردنی سوپای ئێران کە لە

بۆکان بوو، ڕۆیشت، و گەیشتە گوندی حەمامیان مالی مەحمود ئاغای ئیلخانی‌زادە کە دەتوانە دە کیلۆمەتری شاری بۆکانەوە و لەوێ چاوی بە سەرتیپ هومایونی فە رماندەی هێزەکانی ئێران -کە بۆ ئارچەکە بڕدرابوون- کەوت؛ وە کاتێک لە حەمامیانەوە بەرەو مەهاباد گەڕابوو، هەموو ئەو چەک و تەقەمەنی و کەل و پەلی حەنگی‌یەی هەبوو لە مەهاباد، لە بیران ماڕتیبەکان و لایەنگرانی خۆیدا بڵاو کردەوە بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەست هێزەکانی دەوڵەتی‌یەوە.

ئۆردووی دەوڵەتی‌واتە هێزە سەربازیەکانی حکومەتی ئێران دوای چەند ڕۆژێک ڕاوەستان لە بۆکان، ستوێکی لەشکری بە فەرماندەیی سەرهەنگ عەلی ئەکبەر عەتاری لەڕێی (مۆرەان)ەوە بە هاوکاری سوارانی عەلی ئاغای عەلی یار بە سەرپەرشتی ئیبراهیمی کۆری، ڕەوانەی مەهاباد کرد. ئەوانە ئەوپەڕی لە دێی کۆلیجە بەسەر بڕد و ڕۆژی دواتر بەرەنا سوپا و دوو ڕۆژیش دواتر عەشایەر هاتە ناو شاری مەهابادەوە، لە کاتێکدا لەلایەن حەڵکی شارەکەوە هیچ جۆرە خۆشحاڵی‌یەک یان هەست و سۆزێک بە هاتنیان دەرنەبڕا و پیشان نەدرا.

باش ئەوەی کە گشت هێزە دەوڵەتیەکان لە مەهاباد جێگیر بوون؛ تەنها سەرتیپ هومایونی بریاری ڕیزبەستن و ئامادەبوونی ئیلات و عەشیرەتەکانی دەرکرد و لە ١٠ی بەفرانباری ١٣٢٥ی هەتاوی ئەولوی سوارانی عەشایەر بە سەرۆکی ئیبراهیم عەلی یار و مام عەزیز ئەمیر عەشایەر، لەبەرامبەر سەرتیپ هومایونی و قاری محەمەددا ڕیزبان بەست و دوای ئەوان بوونی ڕێ و ڕەسمەکە، سەرتیپ هومایونی لەگەڵ قاری محەمەددا بۆ ناخواردنی نیوەڕۆ بۆ ماڵی قاری محەمەد بەڕێکەوتن و لەوێ پێکەوە ئانی نیوەڕۆیان خوارد و بۆ سەی هەمان ڕۆژ فەرمانی چەک دانانیان لە عەشایەر لە لایەن سەرتیپ

هومایونی‌یەوە دەرچوون، و فەرمانەکە بە هەموویان راگەیەنرا کە هەرچی زووترە چەکەکانیان تەسلیم بە دەوڵەت بکەن. عەشایەریش چەکەکانی خۆیان بە وەرگرتنی بڕوڵە(رسید) تەسلیمی مەرپرسان دەکرد و خۆشیان بە پێی چەک وەولەی مالی خۆیان دەکرایەوە.

ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە لە هەوڵین ڕۆژەکانەدا، سەرنیپ هومایونی فەرماندەی سوپای کوردستان، ناخۆشایەتی کردن و سەفامگیربوونی هێزەکانی لەناوچەکەدا و تا ماتی نیومڕۆی لە مەهاباد و لە مالی قازی محەمەددا خواردنی سەرپاسیک لە خۆلێسکردن و دەستگیرکردنی ئەو بەسوو.

ئەو ڕۆژانەشدا سەدری قازی بۆ قازی محەمەد کە پێوەندی‌یەکی نزیکی لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتە (ئەحمەد قەوام)دا هەبوو، لە ئاران سەرقاڵی هەوڵ و تەقەللا بوو تا بەخەوڵی خۆی- ئەو نالیک حاڵی بوون(سوء تفاهم)انەی لە ئاراداان بەهێڵن و جلەوگیری لە سەختگیری و تووند و تیژی دەوڵەت دژە خۆی و گەلەکەی بکات.

سەرەنجام لە ۱۵ی[۳۱] سەفەرماری ۱۳۲۵ی هەتاوی دوای جیگیرسوون سوپا لە ماوچەکە، سەدری قازیشیان لە ئاران دەستگیرکرد و هێنایانەوە بۆ مەهاباد و هاوکات قازی محەمەد و محەمەد حوسێنی سەیفی قازی و ئەندامانی حکومەتەکەی و هاوکارەکانیشیان(کە۲۸کەس بوون-مەرگبەر) دەستگیرکردن و ڕاپێچی ڕیدانیان کردن.

دوای دەستگیرکردنی قازی محەمەد و هاوڕێکانی و پێکهێنانی دادگای سەربازی و دەرچوونی حوکمی لەسیدارەدان، ئەو بڕیارە بۆ جێ بەجێ کردن بە بەرپرسانی سیزامی ئاران ڕاگەیەنرا، بەڵام چونکە ئیرەو لەوێ وت و وێژگەلێک بۆ لەبەر چاوگرتنی وەزعی ناوانبارکراوان(متهمان) ئەنجام دە درابو لە

لایەکی نریشەوە هێنتا شەڕ گەڵ بارەگاکەدا دەستی پێ بەکردبوو. وەدەوڵەنیش لەو کاتەدا نەیدەویست توند و تیژبەکی بەکردەوەی ئالەو حیزبە پیشان بدات. بۆیە جێبەجێ کردنی ئەو حوکمە دواخرا. ئانەوبیرو دوای هەشتا رۆژ لەگەڵ پەنا بردنی چەکدارە بارەگاکان بۆ بەکێتی سۆڤیەت و پاش سەقامگیربوونی بارودۆخی نەمنیەتی ناوچەکە. ئینر دادگا بەسەرۆکایەتی سەرهەنگ(نجات الله صرعامی) لە مەهاباد بێکەسات و چونکە نیدی هیچ نیحتیاری سیاسی و ڕەچاوکردنی ئایەتی لەئارادا نەمابوو. حوکمی دادگای ئارە کە ئۆمەنیارەکانی وەکو جاری پێشوو بە ئیعدام مەحکوم کردبوو. لە ئەوی ۱۰ی خاکەلێوەی ۱۳۲۶هەتاوی(۳۱/۳۰ مارسی۱۹۴۷ز) جێ بەجێ کراو لە مەیدانی(چوارچرا)دا لەهەمان ئەو جێگایەی کە کۆماری خودموختاری لێی راگەیەنرابوو. قازی محەمەد و سەدری قازی و سەیفی قازی بەدارا هەڵواسران و لە سێدارەدران.[۳۵] [۳۶]

بەشی چوارەم

ئەنجام گیریی

١- ئامانجی سۆڤیەت لەسەلەرەکان و پشتیوانی کردن لە هەولەکانی فازی محەممەد

ئاشکرایە کە شوورەوی(سۆڤیەت) وەک رژیم یان نیزامێکی سۆشیالیستی، پشتیوانی لە حیزبە سۆشیالیست و کۆمۆنیستەکان لە ئێراندا دەکرد، وەک پشتیوانی کردن لە حیزبی تودە وەیان پشتیوانی کردن لە حیزبی دیموکراتی نازەربایجان(رووداو و جەرەیانی پێشەوەری).

بۆیە هەر لە هەمان گۆشە نیگاشەوە دەتوانین پشتیوانی و پشتگیری سۆڤیەت بۆ فازی محەممەد بۆ پێکهێنانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، نەفسیر بکەین. بەڵام بە چاوپۆشین لەو حاڵە و بەرتەحدان لە رەفتار و کردەوەکانی دەوڵەتی سۆڤیەت لە ماوەی نەو شەش ساڵەی حزووریدا لە ناوچەی مەهاباد، دەتوانین بگەینە نەو ئاکامە کە بەکەنی سۆڤیەت دوو ئامانجی دیاریکراوی هەبوو لە پشتیوانی کردن لە فازی محەممەد و پێکهێنانی حیزبی دیموکرات و کۆماری خودموختاری مەهاباد، نەو دوو ئامانجە لەبەر چاوگیراوەی سۆڤیەت بریتی بوون لە:

یەکەم/ دەوڵەتی سۆڤیەت وەک رژیمێک کە هێرە سەربازیەکانی، ناوچەکانی کۆنترۆڵی باکووری کوردستانی ئێرانیان داگیرکردبوو، پێویستی بە جۆرێک

ڕێکەوتن و هەماهەنگی هەبوو لە کوردستانەدا بۆ ئەوەی لەو ڕێیەوە دڵنیایی پەیدا بکات کە هیچ زەرەرو زیانێک بە هێزەکانی ناگات.

بۆیە دەوڵەتی سۆڤیەت لە سەرەتای بەکەمدا قازی محەمەد و سیاسەتمەدار و سەرۆک عەشیرەتەکانی ماڵگەیشت کرد. بەڵام چونکە سەرۆک عەشیرەتەکان کە سەرەکی‌ترینیان عەشیرەتی دەوکری بوو، پەیوەندییان لەگەڵ قەوام سەڵتەنەدا هەبوو[٣٧]. بۆیە لە دروستکردنی هەماهەنگی و یەکدەنگی لەنێوان ئەو دوو گرۆ(دەستەبە)دا سەرکەوتوو نەبوو.

بەڵام لە سەرەتای دووەمدا، هەیەتەکە یەکدەنگ و یەکگرتوو بوو، بۆیە دەوڵەتی سۆڤیەت پشتگیری و پشتیوانی ڕەسمی خۆی بۆ قازی محەمەد و هەنگاوەکانی ڕاگەیاند.

وە لەو لێکۆڵینەوەیەدا وەک سەرنجماندا، بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە هێزەکانی سۆڤیەت ماکووی کوردستانیان داگیرکردبوو، لە لایەن کوردەکانەوە بەنایەت لە لایەن لایەنگرانی قازی محەمەدەوە هیچ ڕاپێکیان پێ نەگەیشت.

دووەم/ ئامانجی‌تری دەوڵەتی سۆڤیەت لەم پشتیوانیلێکردەدا، بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە بەکێشی سۆڤیەت پیویستی و پارەمەندی بە جەمەند بێگە و پارەمێگێکی سیاسی هەبوو دژ بە دەوڵەتی ئێران. بە شێوەیەکی گشتی ئەمە لە خەرمانانی ١٣٢٠هەتاوی(١٩٤١ز) بەدواوە شاهیدی ئەوەین کە دەوڵەتی سۆڤیەت لە بواری بەدەست هێنانی پێگەی سیاسی لە ئێراندا لە سەرلەبەر ئینگلیزدا لە پلەکشەدا بوو، وانە ئینگلیز لەو بوارەدا سەرکەوتنی بەدەست هێنابوو کە ئەوانی بەهۆی گۆڕینی ڕەزاشا و لە جێگەدانانی محەمەد ڕەزاشا، دەوڵەتی سۆڤیەتی ئێران بخاتە خەرمانی خۆیەوە.

بۆیه دهسەڵات پەیدا کردنی هەریەک لە حیزبی نیودەی ئێرانی و حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان و حیزبی دیموکراتی کوردستان، دەتوانی چەند پارسەنگ باخود چەند پێگەیەک بۆ سۆڤیەت دابین بکات تا لەو رێگەیەوە لە دەوڵەتی ناوەندی ئێران ئیمتیاز وەرگرێت[۳۸].

